# فاولەکانی زاگروس تیڤی

# بەسەئیتر دڵم تەقی

شێخ حەسەن نەقشبەندی

دەمێکە دەمویست ئەو قسەیە بکەم کەچی هەر گوتم قەیدی نا بەڵکو بەرپرسانی زاگرۆس
بەخۆدا بچنەوە یا رەنگە هەڵەکان تەنها هونەری بن .
ئەم کەناڵە لەسەرەتای دامەزراندنیەوە بەهەڵەوە هاتە مەیدانی کارکردنەوە
گەر لەرۆژێکدا پێنج شەش هەڵەی زەق زەق نەدەنە دەستەوە ئەو رۆژە بەعومر نازانن .
هەندێ جار ناوی میوانەکانی بەرنامە دەگۆرن بۆ نمونە بەدکتۆر بوخاری دەڵێن  بوحاری
یا بە تەصەوف دەڵێن تەوەصف
یا بە قلیاسان دەڵێن فلیاسان
لەبەر ئەوەی بێژەرەکانی ئەم کەناڵە خەواڵون لەگەڵ شیرەی شەبەقدا لەجێی
سپێدە باش دەکەونە نێو هەڵەی زەقەوە
ئەمە گریمان بێژەرەکان ناشارەزان بەلاَم کاتێك بەرێوەبەرێك کە
(توێژینەوە )بکات (گەپ ) بکات وبرِوای بە (التاخی ) هەبێت کەچی لەبەرزایی
(زاگرۆس ) دوە هەڵە بکات چی دەگەیەنێت
دەلێگەرێ گرنگ نییە چ دەبێژن وچ دەکەن وچ فاوڵ دەدرێت و کێی بەر دەکەوێ گرنگ
ئەوەیە بەرێوەبەر وبەرپرسانی دەزگاکە چەند بەرنامەیان هەیەو لەرێگەی ئەو شاشەیەوە
خۆیان بەخەڵکی بناسێنن
پێشینان دەڵێن  ئەوەی زۆر بلێت هەڵەش دەکا
رەنگە هەندێ جار هەڵەکان مەقسودبن و تەحالوفێك لەنێوان میوان وپێشکەشکاردا
هەبێت ئەگەرنا خۆناشێ بەرپرسانی زاگروس هێندە نەزان بن
چەواشەکارێکی وەکو (محەمەدفەرەج )ی ئەندام پەرلەمان بخەنە سەر شاشەی تیڤی وپێی
بلێن ئەمە عەرز و ئەوە گەز تۆ ئازادی لەوەی چۆنی دەپێوی

یەکێك لەڕابەرە مەزنەکانی کۆمۆنیزمی جیهانی دەڵێت

(ئەگەر کۆمەنیستەکان لایاندا بەردەم دەرگا سیخورییەکانیان بۆ بگەڕێ )

وەك چۆن پەندێکی کوردی دەڵێت

(گەر مانگا شیر دەدات با لەبەر دەرگای خاوەنەکەیدا خێر بداتەوە )

ئیدی دەبێ ڕاگەیاندنی پارتی چاوەڕوانی چی بکات لەو جۆرە کەسانەو هاورێکانیان خۆ ڕەنگە ڕاگەیاندنی پارتی لەوان باشتری دەست نەکەوتبێ دەزگایەکی وەها هەستیاریان پێ بسپێرێ

بۆ دەبێ سەتەلاّیتی کوردستان (٢٤) کاتژمێر داخرێت لەسەر کۆڕێکی حەمەسەعیدحەسەن کەهیچ هەڵەیەکی نەکردووە

کەچی کەس نازانێت فاوڵەکانی زاگرۆس تیڤی بەرەو کوێمان دەبات وەك ئەوەی شەوی ١٣/١٤-١١-٢٠٠٥ لە بەرنامەی ئەندێشە ی

ئازا حەسیب قەرەداخی میوانێکی خستبوە سەرشاشەی زاگروس بەمەتری خۆی مەسەلەکانی دەپێواو وریکلامی بۆ یەکگرتوودەکرد وئازاش دەمی ببوو بەتەڵەی تەقیو و ئەندام پەرلەمانی یەکگرتووش حکومەت وحزبەکانی بەرکێفی خۆی لە گەندەڵی ونابەرپرسیاریەتی تێوەردەدا بێئەوەی هیچ حسابێك بۆ خەبات وتێکۆشانی سەرۆك بکات . خۆزگە یەکگرتووی ئیسلامی مێژووی خەباتی خۆی بۆ گەلی کوردستان بەیان دەکرد کە ساڵی ١٩٩٤ ی پاش راپەرین دامەزراوە ئەوەدەم هەموو کورد لای ئاشکرا دەبیت کەدڵۆپێ خوێنیان لەپێناو رزگاری کورددا نەرشتووە ئیدی چی نازیك بەسەر کوردا دەکەن